### رِاپۆرتە هەوال:

# مانگرتنی گشتی شارەکانی کوردستان.. هەنگاویکی یەکگرتووانە بەرەو شورش لە پیناو رووخانی کۆماری ئیسلامی ئیراندا!

ئامادەکردنی: خەسرەو سایە















بەدوای زیاتر لە 3هەفتە لە خۆپیشاندان و پەرەگرتنی نارەزایەتی وخەباتی شۆرشگیرانەی خەلکی شارەکانی کوردستانی ئیران و راوەستانەوە بەرووی هیزە سەرکوت گەرییەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەمرۆ 8/7 /2005 تەواوی

شارەکانی کوردستان دەستیان دایە یەك مانگرتنی گشتی وسەراسەری.

ئەم مانگرتنە کە لەسەر داوای ریکخراوە چەپ و کۆمۆنیستییەکانی ئیران بانگەوازی بۆکرابوو کۆمەلە خواستیکی رادیکال و ئازادیخوازانەی هیناوەتەروو، لەوانە ئازادی زیندانیانی سیاسی، ئازادی خۆپیشاندان و هەلسورانی سیاسی، چوونەدەرەوەی هیزەسەرکوتگەرەکانی رژیم و.. چەندین خواستی تر. ئەم هەنگاوەی خەلکی شارەکانی کوردستانی ئیران هەنگاویکی یەکپارچە و بیوینەیە لەمیژووی 20 سالی رابدروودا، وبەدەوری خۆی بزوتنەوەی شۆرشگیرانەی جەماوەری بۆرووخانی رژیمی ئیرانی هەنگاویکی گەورەی بەرەو شورش دەباتە پیشەوە، بەتایەبتی لەم هەنگاوە نەتەنها ژنان و لاوان و کریکاران و کۆمۆنیستەکان، بەلکو سەرجەم خەلکی ئازادیخواز وەك یەك بزوتنەوەی یەکپارچە ویەکگرتووی جەماوەری بەرووی رژیمی ئیسلامی لەئیراندا هیناوەتە مەیدانەوە. بیگومان سەرکەوتنی ئەم خەباتە نەك داهاتووی کۆمەلگای ئیران بەرەو ئازادی ویەکسانی و خۆشگوزەرانی دەبات بەلکو بەقازانجی خەلکی ناوچەکە زەربەیەکی کوشندە لەکۆنەپەرستان و ئیسلام و لایەنگرانی دەوەشینی. ئەوەی لیرەدا دەیخویننەوە کورتە راپۆرتیکە لەهەوالەکانی ئەم مانگرتنە گشتییەی شارەکانی کوردستان:

### بۆکان:

سەرلەبەیانی ئەمرۆ رۆژی 8/7 خەلکی شاری بانە یەکدەستانە لەریگای داخستنی دووکان وبازار ونەچوونە سەرکارەوە دەستیان دایە مانگرتنیکی سەراسەری وتادوا نیۆرەرۆیەکی درەنگ دریژەی کیشا. هەوالەکان وا رادەگەیەنین کە گەرەکەرکانی، فەلەکە ئەسکەندەری، فەلەکە فەرمانداری، مەیدانی معلم، بلواری سەقز، سەراسەری شەقامی کەمەربەندی، فرمانداری تا سەرپەلی تازە، شەقامی باهونەر، وچەندین شەقام و گەرەکی شار بەتەووی لەچولیدابوون و تەنها هیزەکانی رژیم بەسەر جادەکانەوە بینراون. لەلایەکیترەوە هیزەکانی رژیم کەبەزۆر دەیویست

خەلکی ناچاربکات بەکردنەوەی دووکان و بازرەکانیان چوونەتە سەرچەند مالیك و هەولیان داوە خەلکی ناچار بکەن بەکردنەوەی دوکان و بازارەکانیان بەلام ئەم هەنگاوەی رژیم لەگەل شکست بەرەو رووبۆتەوە .

## سنە:

ئەمرۆ شاری سنەی نیوملیۆن کەسی لەیەکیەمین کاتژمێرەکانی بەیانی‌یەوە، دەستیان دایە مانگرتنی گشتی، بەپێی هەوالەکان شەقامەکانی فەرح، شاپور، ناوچەی غەفور و چەنیدین گەرەکی‌تر لەوانە، فەیز ئاباد، بەهاران، کەمەربەندی **25**، فەرجە، پشتی تەرمینال، گریاشان، زۆرئاباد، شالمان، تەقتەقان، مەسناو حاجی ئاباد، بەتەوای چۆلکران و تەواوی دووکان و بازارەکان داخران وهاتووچو تیایدا راگیرا. قەرەبالغترین شەقامی شار، شەشەمی بەهمەن، بەتەواوی چول و دوکان وبازارەکانی داخران. هەروەها شەقامی سروپس، شەقامی مەردۆخ، ئەدەب، کلکەجار، صەفەری، وەکیل، پاساژ حەبیبی، فیردەوسی، ژاندارمری، و کارگەی گلشن وبەشیکی زۆر لەکارخانەکانی ئەم شارە چۆلبوون و کارتیایاندا راگیرا. بەلام لەیەکیەمین ساتەکاندا هیزەکانی رژیم بۆ چاوترساندنی خەلك و ترس لەمانگرتنی خەلکی شار ژمارەیەك لاویان لەمیەدانی ئازادی دەستگیرکرد. ئەمە وهەوالەکان رادەگەیەنن کە شەویك پیشتر لاویکی **16** سالە بەناوی "زانیار ئاشتیانی" لەکاتی بلاوکردنەوەی بەیاننامەو بانگەواز بۆمانگرتنی گشتی لەلایەن هیزەکانی رژیمەوە تەقەی لیدەکری و گیانی لەدەست دەدا. هەروەها رژیم لەترسی بزوتنەوەی جەماوەری هیزیکی زۆری لەنیو گەرەکەکان و بەتایبەتی لەبەردەم زانکوۆ کوردستاندا جیگیرکرد وحالەتی ئامادەباشی‌یان بەخۆیەوە گرتبوو، لەلایەکی‌تریشەوە، پایەگای شاری سنە، ونۆکەرانی رژیم رایان گەیاندبوو کە بریاری دەستوەشاندن و تەقەکردنیان لە بەرپرسیارانی رژیم وەرگرتووە. لەلایەکی‌تریشەوە هەرئەمرۆ شارەداری شاری سنە کەوتۆتە هەرەشەکردن لەخەلکی شارو داوای لیکردوون کە دوکان و بازرابکەنەوە و بگەرینەوە سەرکارەکانیان بەلام مانگرتنی خەلکی شاری سنە تا ئیوارەی ئەمرۆ دریژەی هەبووە.

## مەهاباد

مانگرتنی یەکپارچەی شاری مهاباد، ئەمرۆ سەرلەبەیانی دەستی پیکرد، کارکەو بەریوەبەرایەتی‌یەکانی شار، نانەوەخانەو شەقامەکانی شار بەتەواوی چۆلکران و حالەتی مانگرتنی گشتیان بەخۆوەگرت. ئەمە لەکاتیکدا بوو کەرژیم بۆ چاوترسانی خەلك بەهەلیکۆپتەر چەندین جار بەسەر شارەوە هیزەکانی خۆی نیشان دەدا. ویرای ئەوەی کە رژیم حالەتیکی سەربازی لەشاردا راگەیاندبوو بەلام لەگەل لاوانی ئەم شارە لەناوچەی باغی شایگان، مەیدانی ئیستقلال، ومدرەسەی حسن زادە، لەگەل نارەزایەتی لاوانی شار بەرەو رووبوەوە و لەئەنجامدا یەکیك لەنۆکەرانی بەتوندی بریندارکرا.

## پیرانشەهەر:

خەلکی شاری پیرانشهر ئەمرۆ لەیەکەمین ساتەکانی بەیانی‌یەوە، بەداخستنی دوکان وبازارو کارگەو بەریوەبەرایەتی‌یەکان.. دەستیان دایە مانگرتنی گشتی و شەقام و کۆلانەکان وشوینە گشتی‌یەکان، بەتەواوی لەچۆلیدا راگیران. فەرمانداری شار جگە لەپەنابردنی بۆ هەرەشە و چاوسورکردنەوە تاخەلکی ناچاربکات بەکردنەوەی دوکان و بازار ولەمریگەیەوە مانگرتن بشکینن، هاوکات بەهینانی هیزیکی زۆر بۆنیو شارو بەچاودیری هەلیکۆبتەرەکانی‌یەوە گەرەکی‌بوو سیاسەتی چەپەلی رژیمەکەی بەسەرکەوتن بگەیەنی، بەلام مانگرتنی خەلکی شاری پیرانشەهر تا دوواساتەکانی ئیوارەی ئەمرۆ دریژەی کیشا.

## جوانرۆ وروانسەر:

خەلکی ئەم دووشارەش هاوکات بەمانگرتنی گشتی شارەکانی کوردستانەوە پەیوەستبوون. رژیم ویرای هەرەشەکردن و ناچارکردنی خەلکی بۆکردنەوەی دوکان و بازارەکانیان، بەلام لیرەش ئەم هەنگاوەی رژیم بەدریژەدان بەمانگرتنەکە

شکستی هینا. ئەمە لەکاتیکدایە کە دووشەو پیشووتر خەلکی شارەکانی جوانرۆر لەمەیدانی پەسیج و تالقانی دەستیان دایە خۆپیشاندان بەدژی رژیم و لەگەل هیزەکانی بەرەو رووبوونەوە.

## نەغەدە:

خەلکی شاری نەغەدە، ئەمرۆ دەستیان دایە مانگرتنیکی گشتی و تەواوی دوکان و بازریان داخیت و شەقام و کۆلانە سەرەکی‌یەکانی شاریان لەچۆلیدا راگرت.

## ئورمی:

شاری ئۆرمی ئەمرۆ لەحالەتی نیوە مانگرتنیکی گشتدا بوو، هەروەها خەلکی ناوچەی مەرگۆر کەسەربەم شارەیە بەداخستنی دوکان و بازار وبەریوەبەرایەتی‌یەکان بەمانگرتنی گشتی‌یەوە پەیوەست بوون.

## سەقز:

بەپی‌ی هەوالەکان ئەمرۆ لەیەکەمین ساتەکانی بەیانی‌یەوە خەلکی شاری سەقز مانگرتنی گشتیان بەخۆوەگرت. تەرمینالی مەرکەزی شار کە هیچ هەوالی هاتوچۆی پاسی تیانەبوو، بووە نیشانەی مانگرتنی یەکپارچەی خەلکی ئەمشارە، بازارە سەرەکی‌یەکانی شار، مەیدانی میوەفرۆشی، مەیدانی کریکارانی بیناسازی وبەشیکی زۆر لەنانەواخانەکان، وکۆلانەکانی شار بەتەوای چول راگیران وکارتیایاندا وەستا. گەرەکی سۆپەرئاباد،ناوچەی سیلوتاچوواریانی ئازادی، نشمیلان، 32مەتری، ئیدارەی ریگا، شەقامی شەهناز،و چەندین شوینی تر هاتوچو تیایدا راگیرا. لەبەرامبەردا هیزە سەکوتگەری‌یەکانی رژیم لەترسی خەباتی جەماوەری خەلك شاریان خستە حالەتیکی سەربازی‌یەوە و پەلاماری خەلکی مەیدانی "دوخانیان"یانداو چەندکەسیان دەستگیرکرد. هەروەها پەلاماری گەرەکی بیمارستان وکەریم ئابادیان داو لەویش کەوتنە لیدانی خەلك،مەیدانی هەلۆ بەتەواوی بەگاردی سەربازی دەورەدرا. لەلایەکی‌ترەوە هیزەکانی رژیم ئەمرۆ سەعات دووی دوانیوەرۆ بورهان دیوارگەر هەلسووراوی بزوتنەوەی کرکیاری ویەکیك لە دەستگیرکاوەکانی یەکی ئایاری ئەمسال، دوای ئەوەی دەچنە سەرمالەکەی دەستگیری دەکەن. بەلام سووربوونی خەلکی شار لەسەر مانگرتنی گشتی تەواوی هەولەکانی رژیمی پوچەلکردەوە.

ئەمانەو خەلکی شارەکانی، **دیوان دەرە، شنۆ، مەریوان، بانە، سەردەشت، کانیاران**، و چەندین شوینی‌تر هاوکات پەیوەست بوون بەمانگرتنی سەرەاسەری شارەکانی کوردستانەوە، لەم شارانەشدا، دوکان و بازارەکا، بەریوەبەرایەتی‌یەکانی شار، کارگەو مەیدانەکانی کار وگەرك و شوینە گشتی‌یەکان چول راگیران وکارتیایاندا راوەستاو ونیوە راوەستاو بەریوەچوو.. رژیم لەهەریەك لەمشارانەدا بەراگەیاندنی حالەتی سەربازی وئامادەباشکردنی هیزە سەرکوتگەرەکانی و بەهەستانی هەلیکۆپتەر بارودۆخی شارەکانی خستەژیر چاودی‌یری‌یەوە و لەهەندی جیگاش لەگەل مقاوەمەتی شورشگیرانەی لاوان و خەلکی شاردا بەرەوبووەوە.
بەمجۆرە شارەکانی کوردستان رۆژیکی کەموینە و نمونەیەك لەخەباتی جەماوەری وشۆرشگیرانەی خستە میژووە وە. رۆژیك کەهەنگاوەکانی خەلکی کریکارو زەحمەتکیش و ئازادیخوازان بەرەو شۆرشیك دەبات کە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی لەبەردەم خۆی بنی..
هەرلەم پەیوەندەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرکیاری عیراق ویرای راگەیاندنی پشتیوانی خۆی لەم بزوتنەوەیەو خەباتەی خەلکی شارەکانی کوردستانی ئیران، هاوکات لەبەیاننامەو راگەیاندنەکانی خویدا بانگەوازی لەخەلکی شارەکانی کوردستانی عیراق کردووە کە بۆ پشتیوانی لەم خەباتە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەری بەری بخەن و بەریزی خەبات بۆرووخانی رژیمی گلاوی ئیسلامی لەئیراندا پەیوەست ببن. بەم هۆیەشەوە ژمارەیەك لەخەلکی ئازادیخوازی شاری سلیمانی لەرۆژی 6ی ئەمانگەدا لەشەقامی سەهۆلەکە کۆبوونەوە و بۆپشتیوانی کردن لەخواستەکانی خەلکی

کوردستانی ئیران دەستیان دایە حەرەکەتیکی ئیعترازی، بەلام لەبەرامبەردا هیزەکانی ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی پەلاماری ئەم کۆبوونەوەیەی خەلکیان داو کەوتنە لیدان و بلاوە پیکردنیان..

**خەباتی جەماوەری خەلك لەدژی سەرکوت و چەوسانەوە وبرسیتی ونەداری، لەدژی ئیسلام ورژیمەکەی، بۆ ئازادی و یەکسانی وخۆشگوزەرانی، خەباتیکی رەواو عادیلانەیە.**

**بژی ئازادی ویەکسانی.. بمری دەسەلاتی ئیسلامی و لایەنگرانی !**

2005/8/7